# پێکدادانی بەربریزم یاخود  پێکدادانی شارستانیەتەکان!

سالم کەریم

ڕوونکردنەوەیەکی کورت

ئەم تایتڵەی سەرەوە لە ناونیشانی دوو کتێبی جیا  پێك هاتووە کە لەلایەن دوو نووسەرو دوو پسپۆری سیاسییەوە نوسراون . خاوەنی بەشی یەکەمی تایتڵکە  Gilbert Achcar  کەلەدانشگای پاریس وانەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەڵێتەوە وخاوەنی چەندین کتێبی جیاوازە سەبارەت بەسیاسەتی هاوچەرخ ، وە دوا کتێبی گیلبرت بەناونیشانی  The Clach of Barbarism واتا پێکدادانی بەربەریزم.[1] خاوەنی بەشی دووەمی تایتڵەکە  Samuel P. Huntington ە ، بەڵام ناوی کتێبەکەی هانتنگتن بەتەنیا پێکدادانی فەرهەنگەکان نیە ، بەڵکو کۆی ناونیشانی کتێبەکەی پێکهاتووە لە " The Clash of Civilization and the remaking of World Order“ واتا پێکدادانی شارستانیەتەکان و دووبارە دروستکردنەوەی بڕیارێکی جیهانی.[2]

ئەم نوسینە کەڵك وەرگرتنێکە لەخاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو بابەتەی ئەو دوو نووسەرەو و هەندێ بۆچونی  تر کە کەم تازۆر پەیوەندیان هەیە بەم باسەوە . بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەو دوو بۆچوونەو نزیکایەتیان بەم هەلومەرجەی ئەمرۆی دنیاوە  بکەم ، بەباشی ئەزانم لەئاستێکی گشتی و عمومیدا باسی ئەو هەلومەرجە تەم و مژاویەی ئەمرۆی دنیا بکەم و دواتریش بچمە سەر باسەکانی ساموێل و گیلبرت و هەڵسەنگاندنی دووری و نزیکی باسەکانیان بەم هەلومەرجەی ئێستای عێراقەوە .

لەنێو قسەوباس و نووسینەکاندا زۆر جار گوێبیستی هەندێ دەربڕینی لەبابەت هەیمەنەی ئەمریکا و ئیمپریالیزمی نوێی جیهانی و لیبراڵە نوێیەکان و ملهوڕی کۆنسێرڤەتیڤە تازەکان و چەندین مەقولەی جۆراو جۆری تری لەم باباتانە دەبین ، ئەم ووتانە ئەو دیاردە ڕووکەشانەن کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریەکانیان لەکۆمەڵگا جیاجیاکاندا بەشێوەی جۆراو جۆر دەبینرێت ، دەبینین سەرباری بوونی سیستەمێکی تاك بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو وولاَتانی جیهان بەگشتی ، لایەنەکانی نێو ئەو سیستەمە تاکو ئێستا بەشێکی بەرچاوی ژیان و گوزەرانی بەشەرەیەتیان لەسایەی شەڕی ناوخۆ و ترس وتۆقاندن و برسێتیەکی ناشیاو بەم سەردەمەی ئێستای بەشەریەت ڕاگرتووە.

بێگومان  بۆ دەستبەرکردنی پێناسەیەکی سادە بۆ " هێز " لەڕۆژگاری ئەمرۆدا ئەتوانین بڵێین  سوپا و هێزی ئاسمانی و دەریای کە چەکدار کرابێت بە تەکنەلۆجیای جەنگی سەردەم  ، بە هێز بناسرێتەوە . بێگۆمان  ئەم جۆرە هێزانە توانای بەرهەم هێنانی سەرووت و سامانیان نیە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەرجی و پێداویستیەکانیان  بەهیچ شێوەیە لەژماردن نایات . بۆیە لەدوا ئەنجامگیریدا ئەتوانین ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە سەرمایە لەڕێگەی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕ پێکردنی کالاَکاندا بەدەست دێت وە تاکە شتێك کەزامنکەرێکی باش بێت بۆ پاراستنی ئەو هەلومەرجە ئابووریە ، دروستکردنی ئەو ئامێرو سوپا گەورانەیە  کەلەڕێگەی توندو تیژی نواندنەوە ئەرکی پاراستنی پەیوەندیە ئابووریەکانی سەرمایەدارییان لەئەستۆدایە وەبوونی ئەو جۆرە هێزانە پێشمەرجە بۆ وولاَتانی پێشکەوتووی پیشەسازی لەدنیای ئەمرۆدا.

بەرپا بوونی جەنگەکانی نێوان ئەو  هێزانە مەسەلەی شەڕی نێوان دوو وڵات ویاخوود دوو دەستەو گروپ و چەند باندێك نیە ، بەڵکو لەپێناو بەڕێوبردن و جێکەوتەکردنی شێوازێکی ئابووری و سیاس*یە کەلەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەردەمەی سیستەمی نوێی جیهانی کۆك و تەبایە ، وەبەتاییەت ئەو لایەنانەی کەلەژێر کاریگەر هەندێ چەمکی فکری و ئابووری ئەو دەربڕینانەی کە لەسەرەتاوە باسم کرد بەڕیوە دەچێت ، وەهەر لەم پێناوەشدایە  دەبینین بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکان وولاَتانی زلهێز پەنا دەبەنە بەر هەموو شێوەکانی جەنگ ، وەبەشێوەیەکی زۆر توندو تیژانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا دەکەن وەبەگوزەر لەزەروزیانی مادی ، ژیانی زۆرێك لە مرۆڤەکان دەکەنە زەخیرە لە شەڕەکانیاندا.

ئەمریکا لەم نێوەدا بەشی هەرەزۆری بەرکەوتووە ، وەچەکوشی سەرکوت و دیاری کردنی شێوە و مۆدی سیاسی کەتەبابێت لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەردەمەی سەرمایەداریدا بەئەرکی خۆی دەزانێت  . بۆیە بۆ ولاتانی هەر ڕێگری و

تەنەگەبەریەك كەدێتە پێش بۆی ، گەورەترین گورزی سەربازی دەوەشێنێت و هەموو هێزەكەی دەخاتە گەڕ لەوپێناوەدا . بۆ نمونە دەكرێت ئاماژە بەدوا هەوڵەكانی ئەمریكا بكەین كە ئێستا ڕووی كردووەتە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەیەوێت ئەو بەشەی دنیا بۆ جارێكی تر دابڕێژێتەوە لەهەموو ڕووەكانەوە ، وەتەنانەت بۆ ئەنجام دانی ئەو كارە ئامادەیە پشت لەدۆستەكانی دوێنێ* نێو بلۆكی ڕۆژئاوا بكات كە لەكاتی جەنگی سارددا دژی شوورەوەی هاوسەنگەر بوون لەگەڵیدا. دیارە هاوئاهەنگی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەم ڕەوەندە و هەوڵانەی ئەمریكا وەك هاوپەیمانێتیێكانی چەند دەیەك پێش ئێستا نیە ، ئەوەی ئەمڕۆ ئەمریكا دەیەوێت پێی بگات دەستەلاتداریەكی تاقانەیە بەكۆمەڵی تاییەتمەندی ئابووری و سیاسیەوە .

پاوانخوازی و پۆز لێدانی ئەمریكا بەسەر نەیارەكانیدا تاییەت نیە بەوەی كەهاوسەنگەر نەبوون لەگەڵی لەشەری عێراقدا و ئەو شەڕە لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی ئەواندا جووت نەبوو، بەڵكو ملنەدان و ڕازی نەبوونی بەشێك لەووڵاتانی ئەوروپا بوو لەدابەشكردنەوەی جێگەو پایەی ئابووری و سیاسی كە ئەمریكا دیاری بكات بۆیان لەم سەردەمەدا . ڕامسفێلد وەزیری بەرگری و یەكێك لەكەسایەتیە سەرسەختەكانی كۆنسێرڤەتیڤە نۆیەكانی ئەمریكا ناوی بەشێكی لەووڵاتانی ئەوروپای نا ئەورووپیە كۆنەكان ، ئەو بۆیە ئەم زاراوەیە بەكار هێنا ، چونكە ڕامسفێلد و گشت هاوبیرەكانی خۆشحاڵ نین بە ئەوروپایەك كەتاكو ئێستاش بەشێوەیەك لەشێوەكان گاریكەری بەها كۆمەلایەتیەكانی بەسەرەوەیە ، ئەوروپا بۆیە لەدیدی ڕامسفێلدەوە كۆنە ، چونكە سیاسەتی ئەوروپا تاكو ئێستا كاریگەری بزووتنەوە كۆمەلایەتیە جۆراوجۆرەكانی پێوە دیارە و هەموو چمكەكانی بەشێوەیەكی بڕاوە بە گازی مۆدی سەرمایەداری ئەم سەردەمە خەفە نەكراوە ، بەشێوەیەكی بەرچاو ڕۆڵی خەڵك لەبڕیارە سیاسیەكاندا وەلا نەنراوە ، بۆ دروستی ئەم جیاوازیەش ئەگەر بەراوردێك بكەین لەنێوان كۆمەڵگای ئەمریكا لەلایەك ئەوروپای ڕۆژئاوا لەلایەك ، ئەوەمان بۆ دەرئەكەوێت كە وەلانانی هەندێ ووڵاتی ئەوروپای* لەهاوكێشە سیاسیەكاندا مانای فۆبیاكردنی هەندێ شێوازی باوە كەدەستكەوتی بزووتنەوە كۆمەلایەتیەكانن لەسەد ساڵی ڕابردوودا جێكەوتەكراوە وەتاكو ئێستاش سكویلاریزم و پاراستنی مافەمەدەنیەكان بەئەوروپا دەناسرێتەوە .

زۆر جار لەمیدیاكان و بۆنە جۆراوجۆرەكاندا لەدەمی ڕابەرانی ووڵاتە یەككرتووەكانی ئەمریكاوە گوێبیستی ئەوە دەبین كە " سەردەمێكی تازەی بەربەریزم خەریكە خۆی دەسەپێنێت بەسەر بەشەریەتدا " ، ئەمە بۆ كۆنسێرڤەتیڤە نوێیەكان كراوە بەخاڵی دەستپێكردن بۆ گۆڕینی ستراكچەری ئەو كۆمەڵگایانەی كە كۆپی كراوی یاخوود لاسای كەرەوەی مۆدی سیاسی ئەمریكا و گوێڕایەڵی ئەو نین . هەر لەژێر ئەم بیانوودایە كۆنسێرڤەتیڤە نوێیەكانی ئەمریكا لەم سەردەمەدا بەتەنیا دوو ڕێگایان خستووتە بەردەم ووڵاتانی دنیا ئەویش " یان دەبێت دژی تیرۆر بیت ملكەچی بڕیارەكانی ئەمریكا بیت ، یان پاڵپشتی تیرۆر بیت " ئەم داواكاریەی كۆنسێرڤەتیڤە نوێیەكانی ئەمریكا بووە مایەی دابەشبونێكی یەكجار قووڵ لەنێوان ووڵاتانی سەرمایەداریدا . لەڕێگەی ئەم بانگهێشەیەوە ئەمریكا كۆمەڵێ ووڵاتی پەلكێش كرد بۆ بەڕەیوە بردنی نەخشەكانی لەدنیادا ، وەهاوكات دەبینین بۆ بەدەستهینانی ئەو ئامانجە دستەلاتە كارتۆنیەكان كەمێشكیان زاخاودراوە بەعەقڵی سیاسی ئەمریكی دەسەپێنرێن بەسەر ووڵاتەكاندا .

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەست بردن بۆ پێكهێنانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان وەك وەلامێك بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگای بەشەری یەكێك لەهەنگاوەكانی كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بوو ، كەچی دەركەوت ئەو دەزگایە بێ توانا بوو لەبەرامبەر وەلامدانەوەی بە لانی كەمی پێداویستیەكانی ئەم سەردەمەی ووڵاتانی دنیا ، وەلەبری ئەو ئەركی چارسەر كردنی كێشەو گرفتەكان لەدنیادا ، بوو بە دەزگایەك بۆ شەرعیەت دان بەو كاولكاریانەی كە ڕووبەڕووی بەشەریەت دەبووەوە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بۆیە دەبینین ئەمڕۆ پشتگوێ خراوە و زۆریش پێ دەچێت بەرەو هەڵوەشاندنەوە بچێت .

هەروەك ئاشكرایە بۆ ئەنجامدان و ملكەچكردنی كۆمەڵگا دەبێت ترسێك دروست بكرێت تاكاو دەستەلاتدار شەرعیەتی زیاتر بەخۆی ئەو كارانە بدات كە ئەنجامی دەدات ، بۆیە دەبینین زاراوەی تیرۆر ئەو خزمەتكارە بەرچاوەیە كە بووتە كارتێكی جۆكەر بەدەست ئەمریكاوە بۆ بردنەوەی گەمەكان . لێرە ئەكرێت بگەڕێینەوە بۆ تایتلی باسەكە و لەچەند

لایەنێکەوە  بپرسین کە ئایە ئەم جۆرە هەوڵ و کردارانە ئاکامەکانی چین ، ڕەوەندی ژیانی بەشەری بەرەو کوێ دەبات ، ئەو هزرو بنەما فکریانە چین کەسیستەمی جیهانی ئەمڕۆ پشتی پێ بەستووە و کردەویەتی بەبنەمای هەر هەنگاوێکی کەدەینێت لەو ڕەوەندەدا  . " سامۆیڵ " ئەم گرژیانەی دنیا بە پێکدادانی شارستانیەتەکان پێناسە دەکات ، هاوکاتیش " گیلبرت " تەم و مژی و شەڕەکان بە پێکدادانی بەربەریەکان ناو زەد دەکات و هەردوو لایەنی شەرکەر بە دوو دیووی یەك دراو دەزانێت .

بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لەهەردوو ئەو تیڕوانینانەو ووردبونەوە لە حاڵەتەکە بەپێویستی ئەزانم  پێناسەیەکی کورتی هەردوو ووشەکە بکەین و بزانین ئەم عیبارەتانە کامیان زیاتر تەعبیر لەم سەردەمەی ئێستا دەکات ، کە تێیدا کەلەسەری ئینسان زۆر خۆینسەردانە لە لەشی جیا دەکرێتەوە ، ژینگە لەبەرامبەر گەورەترین مەترسی ڕووداوە سرووشتیەکاندایە ، گرژی ئەتنیکی و ڕەگەز پەرستی بووە بە ئاشی هاڕینی جەستەی خەڵکێکی زۆر لەدنیادا ،  لەلایەکی تریشەوە  دەستکەوتەکانی بەشەرییەت هێندە لەپێشە ، ئینسان پێ* شەرمە بیر لەوە بکاتەوە کەبۆچی تاکو ئیستا لەڕێگەی شاشاکەنەوە قبوڵی هەواڵی بەقوربانی بوون و لەدەستدانی گیانی سەدان هەزار ئینسان بکات وەلەبەرامبەر ئەو هەموو تراژیدیایانەدا تاکە هەڵوێستێك کە بە ئەو ڕەوابینراوە  ڕشتنی چەند دڵۆپێك فرمێسکە و هیچی تر.

ئەگەر لەزاراوەی بەربەریزم یاخووود شارستانیەت بکۆڵینەوە لەباری مێژوو*یەوە ڕەنگە بە پەك دارشتنی دروست و ڕۆشن نەگەیەن ، چونکە بەپێی گەشەکردن و چوونە  پێشەوەی ژیانی بەشەری مانای شتەکان زۆر جیاواز ترە لەگەڵ کاتی سەرهەڵدانیاندا ، بەلام هەرچۆنێك بێـت دەکرێت لەسەرچاوەو بنەماکانی ئەم جۆرە دەربڕینانە بکۆڵینەوە بزانین ئایا گرژیەکانی دنیا بەڕابەرێتی ئەمریکا ، بەشێکە لەبەربەریزم یاخوود پێکدادانی فەرهەنگەکانە هەروەك ئەو دوو نووسەرە باسیان کردووە ، یاخوود کۆڵی هۆکاری تریش هەن کەلەپشت بانگهێشەو پرو پاگندەکانی وولاتانی زل هێزی دنیاوە خۆیان مەڵاس داوە  .

سەرەتا ووشەی " بەربەریزم " هەروەك زۆربەی ووشەکانی تر لەگەڵ چوونە  پێشەوەی ژیانی بەشەری لەگشت بوارەکاندا وەك خۆی نەماوەتەوەو ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە . بەربەریزم بەووشەیەکی گریکەکان ناوەزەد کراوە کە لەزمانی ئەواندا پێی دەوترێت” Barbaros “ واتا سەرەتا بەو کەسانە دەوترا بەربەرۆس کەبەزمانی یۆنانی قسەیان نەدەکرد ، دواتریش کاتێك یۆنانیەکان لەشەر لەگەڵ فارسەکاندا سەرکەوتن "بەربەرۆسەکانیان " بە مرۆڤی پلە دوو لەقەڵەم دەدا . شارستانیەتێك کە گریکەکان لەناوەڕاستی دنیادا بنیاتیان نابوو لەلایەك  ،  وە گەشە نەکردنی شیۆنەواری مرۆڤە پلەدووەکان لەبەرامبەریدا  ئەم جیاوازیەی بەڕەسمی تۆمار کرد لەلای گریکەکان و بیرو هزری لاتیندا بەگشتی ، وەبووە مایەی ئەوەی کە گریکەکان ئەو مافە بەڕەوا بزانن بۆ خۆیان کە مرۆڤە پلە دووەکان وەکو کوێلە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بەکار بهێنرێن لەگێڵگەکاندا . دەکرێت ئەمە بە پێناسەیەکی زۆر سەرەتای و کورت بۆ بەربریزم لەقەڵەم بدرێت ، بەلاّم ئەگەر بێت بەراوردێك لەم هەنگاوە سەرەتایەی گریکەکان بکەین لەگەڵ ئەم هەولاّنەی ئەمریکا و وولاّتانی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر وولاّتانی جیهانی سێهەمدا ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە، بەتیرۆر ناوزەد کردنی خەڵکانی وولاّتانی جیهانی سێهەم و پێ نەگەیشتووە لەلایەن وولاّتانی ڕۆژ ئاواوە و گلەی و کازەندە کردنی ئەوەی کە بۆچی ناتوانن دیموکراتیەکەی ڕۆژئاوا پیادە بکەن ، جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ ئەو مامەڵەکردنەی گریکەکاندا کەچەندین ساڵ پێش ئێستا لەبەرامبەر ملەتانی دیکەدا کردوویانە . دەکرێت هەربەمەشەوە سەبارەت بەبەربەریزم نەوەستین و بۆ ئاشنا بوون بە پێناسەیەکی تر بۆ بەربەریزم و شارستانیەت و دەستنیشان کردنی جیاوازیەکان لەنێوانیاندا ،  ئاماژە بۆ بەرگی 17 ی کتێبەکەی جیۆگرافی زانی یۆنانی " Strabo " بکەین کە لە ئاکامی بەدوادا چوون و لێکولینەوەیەکی زۆردا ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کەجیاوازی شەرەکان زیاتر لەسەر چۆنێتی بەریوەچوونی ژیانی ئابووری و تاییەتمەندی بەرژەوەندیە ئابووریەکانە کە جێگەو ڕێگەی توێژە کۆمەڵاتیەکان و ناونیشانیان دیاری دەکات . " سترابو " ووشەی بەربەریزم بە پێچەوانەی بۆچونەکانی گریك و رۆمەکان باس دەکات و پێی وایە ئەوان بەهەڵە بەکاریان هێناوە . ئەو دەڵێت :"  تاکە شتێك کە ئەو مافەی دا بەگریك و ڕۆمەکان بەخەڵکانی تر بڵێن بەربەری ، مەسەلەی جیاوازی ئاو و هەوا و بەپیتی خاکەکەی بوو بۆ کشتوکاڵی ، وەئەوانەی کە

نان و خۆراکی پاشکەوتە کراویان هەبوو ، بەتەنیا گریکەکان بوون ، ئەمەش بەهۆی باشی و بەپیتی خاك و ئاو و هەوای ئەو ناوچەیەوە بوو کەتێدا دەژیان، ئەوانەشی کە لەسەر ڕاو کردن و کۆشتنی نێچیر دەژیان لەنزیك شارەکان کۆ بوونەوە بەبەربەریزم لەقەڵەم دەدران ، چونکە دەستیان لەخاکی بەبەرهەم و بەپیت گیر نەبووبوو. سترابو پێمان دەڵێت ئەوەی پێویستە بە بەربەریزم لەقەڵەم بدرێت ئەو شێوە نایەکسانەیە کەتەنیا بەهۆی خراپی و بێ کەڵك بوونی خاکەوە بەشێکی کۆمەڵگا بەدناو کراوە و لەرابردوودا بەوە مەحکوم کرابوو کە بەهەرشێوەیەك بێت بژێوی ڕۆژانەی خۆی دابیت بکات ، وەبێبەش کرا لەو بەروبوومەی کە یۆنانیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو ، ئەمانە ئەو هۆکارانە بوون کە بووە مایەی پلەدووی ناو زەد کردنی ئەو خەڵکانە و پێناسەکردنیان بە بەربەری ، بەپێچەوانەی ئەو دوو نوسەرەوە سترابۆ پێمان دەڵێت مەسەلەکە زیاتر شەرعیەت دان بووە بە مۆدێکی ئابووری کە گریکەکان و ڕۆمەکان خۆیان تێدا سوودمەندی سەرەکی بوونە وە بۆ پاراستنی ئەو بەرو بوومەش پێویستیان بە جیا کردنەوەی خۆیان بووە لەوانی تر ، وە ئامادە نەبوونە بەهیچ شێوەیەك شەراکەت بکەن لە گەڵ خەڵکانی تردا .[3]

چەمکێکی تری بنەما فکریەکانی شارستانیەتەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەو هزرانە لەگەڵ گرفتە جۆراو جۆرەکاندا بیرو باوەڕە دینیەکانە ، دیارە دین لەم مەیدانەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و وەمێژووی بەشەری تاکو ئێستاش بێ بەری نەبووە لەکاریگەریەکانی دین و دەستتێوەردانی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا . دەبینین سیمایەکی شارستانیەتەکان بوونی بۆنە دینیەکانە ، وەهەمیشە ڕۆڵی بەرچاوی دینەکانیش دەست تێوەردان بووە لە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زۆر بەربەریانە . مارکس بەشێوەیەکی درووست دەستی خستە سەر دین وەك نەخۆشیەکی کوشندە و بەوە پێناسەی کرد کە وەك مادەیەکی بێ هۆشکەرە . بەئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەمێژووی زۆربەی دینەکاندا ، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەدین یەکێك بوو لەو فاکتەرانەی کە ڕق و کینەی لەدڵی مرۆڤەکاندا چاندووە و بووەتە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان ئینسانەکان ، وە ئەو دوو هێزەی کەئێستا لەشەڕدان ، چ وڵاتە بەناو سڤیلأیزەکان کەهەڵگری دینی مەسیحن ، وە چ ئەو گروپانەی کە نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن ، دوو جەمسەری سەرەکی گرژیەکانی ئەمرۆی جیهان پێکدێنن ، ئەمە سەرباری ئەوەی ناوەڕۆکی شەر و گرژیەکان دەکرێت زۆر لایەنی تریش بەخۆوە بگرێت هەروەك لەسەرتاوە ئاماژەم پێ بکرێت .

دەبینین بەشێکی بەرچاوی مێژووی گوزەشتەی ئەوروپا ئەو کارە قێزەوەنانەن کە دینی مەسیحی ئەنجامی داون ، بۆ نمونە سەدەکانی 16 و 17 پڕن لەو دەردەسەریانەی کە کەمتر نەبوون لەو بێحورمەتیانەی کەلەژێر کاریگەری تێکستەکانی نێو کتێبە پیرۆزەکانەوە لەئەمرۆدا لەو وڵاتانی جیهانی سێهەم ئەنجام دەدرێت ، ئەو هەلومەرجەی ئەوکات سەرنجی فەیلەسوفێکی وەك جۆن لۆك ڕادەکێشێت کەزۆربەی باسەکانی چەق لەسەر لیبوردن و قبوڵکردنی جیاوازیەکان ببەستێت وەدواتریش بەبانگێشەی جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت وەك ڕیگایەك بۆ چارەسەری کێشەکان [4]. کەچی ئەمریکای بەناو مۆدێرن خوازو ئازادی بەخشی ئەم سەردەمە و بەتایبەت کۆنسێرڤەتیڤە نوێیەکان کەئێستا لەکۆشکی سپیدان کڵێسا بەشێوەیەکی شیلگیرانە پاڵپشتیان لێ دەکات ، وەیەکێك لەو فاکتەرانەی کە بۆشی لەپۆستی سەرۆکایەتیدا هێشتەوە سەپۆرتی کڵیسابوو بۆی ، هەروەها دەورانی شەڕی دوو بلۆکی و دەست بەسەر هێنان و سەپۆرتکردنی موجاهیدەکان ، دۆخ و سیمایەکی بەرچاوی کێشمەکێشەکانی کۆتایەکانی سەدەی بیست بوو.

ئەوەی ئێستا لەدنیادا بەڕێوە دەچێت پێچەوانەی هەندێ لە هەوڵەکانی ئەمریکا خویەتی ، چونکە هەروەك ساموئیل دەڵێت : ئەوەندەی خواردنی " سووشی " بووتە ژەمێکی ئەمریکیەکان و کاری تێکردوون ، ئەوەندە خواردنەوەی کۆکا کۆلا کاریگەری دانەناوە لەسەر بیر و زەینی یابانیەکان . واتا ئەگەر گرژیەکانی ئەمرۆی دنیا وا نیشان بدرێت کە بۆ جێکەوتە بوونی فەرهەنگێکی جیاوازی ئەنترناشناڵ بێت کەلەلایەن ڕۆژئاواوە " ئیکسپۆرت" دەکرێت بۆ وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوە مەسەلەکە لەناوەڕۆکدا پێچەوانەکەیەتی ، ڕاستە ئێستا بەهۆی خێرای ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن و لەوشوێنانەدا خەڵکێکی زۆر بەشێوەی ڕۆژئاوا جل و پۆشاك لەبەر ئەکەن و هەندێ جاریش لەشتەکانی تریشیاندا لاسای ئەوان دەکەنەوە ، بەڵام ناوەڕۆکی لاسای کردنەوەی هەر دیاردەیەك لەوانە وابەستەیە بە باك گراوندێکی ڕۆژهەڵاتیەوە کەناکرێت بەتەنیا و

یەك لایەنە لەفەرهەنگ خۆیەوە سەیری بکەین ، چونکە چەمکە ئابووریەکان و شێوەی سەرمایەگوزاری و جێگەوڕێگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر فەرهەنگ و شێوەی ژیان دیاری دەکەن ، یانی مەسەلەکە زیاتر ڕێگەی کاریگەر ئابووری و سیاسیەوە ستراکچەری فەرهەنگ دیاریدەکرێت ، بۆ نمونە ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی کە زۆرەیان ئەمریکین زۆر کێشەیان نیە کە شێوەی دەستەڵات چەند مەدەنیە یاخوو دیموکراتیە ، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە شێوەی سەرمایەگوزاریکردن و دابینکردنی کەشوهەوایەکی ئارامە بۆ خەرجکردنی کاڵاکانیان ، بۆیە شەڕو پێکدادانەکان لەهەوڵی دابینکردنی ئەو ئارامیە سیاسیەدان نەوەك فەرهەنگ .

ئەوەی ئەمڕۆ لەدنیادا بەڕێوە دەچێت دەکرێت بڵێین ململانێ*یە لەسەر جێکەوتە کردنی فەرهەنگێکی جیاواز لەوەی ئێستا کە لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بەشێکی بچووکی پێکدێنێت و زیاتر پڕوپاگەندەیە بۆ خۆشکردن و زەمینەسازکردنی شەڕەکان ، ئەگینا مەسەلەی سەرەکی لەهەموو ئەو خوێن ڕشتن و کاولکاریانە ، ئارایشدانەوە و بەڕێوبردنی کۆمەڵگایە بەشێوازێکی جیاواز تر کەلەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت ، وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن مەسەلەی فەرهەنگ حەڵقەیەکی بچوویکی ئەو سیناریۆیە. بۆ نمونە نۆم چۆمسکی ئاماژە بەهەندێ چەمکی گرنگ دەکات سەبارەت بەمەسەلەی شەڕی شارستانیەتەکان و دەڵی : "جیهان دابەش نابێت بەسەر چەند تیمێك کە سەرقاڵی جەنگی شارستانیەتەکان بن ، بەڵکو دابەش دەبێت بەسەر چەند گروپێك کە هەریەکەی گرنگی بەچەند شتێك دەدەن و لەتۆی زمانەکان و کەلتورەکانەوە پەنا دەبەنە بەر هێز . " [5]

بۆ زیاتر تێگەیشتنی ئەم ڕەوەندە پڕ لە بەربەریەتە دەتوانین ئاماژە بەزۆر چەمکی تری ژیانی ئێستای بەشەری بکەین وەلەوە حاڵی بین ، کەگرژیەکانی ئەمڕۆ یەك لایەنە نین و کاریگەریەکانیشیان بەتەنیا لەیەك بواردا نیە ، یانی بەواتەیەکی ڕوونتر کۆسپ و گرفتەکانی ئەمڕۆی دنیا ، ئەوە نیە بەتەنیا بە پێکدادانی بەربەریزم یاخوود شارستانیەتەکان ناو زەد بکەین ، بەڵکو چۆنێتی ژیان و بیرکردنەوە و گشت بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە ، وەئەم شەڕە بەتەنیا شەڕی شارستانیەتەکان ، یاخوود بەربەریەت نیە بەڵکو شەڕی بەرژەوەندی هەمەلایەنەیە بەو دوو چەمکەشەوە ، بەڵام دوور نیە هەرچی دەستکەوتی بەشەری هەیە کە لەمێژووی ڕابردوویدا بەدەستی هێناوە خەریکە لەنێودەبرێت لەنێو ئەو ململانێیەدا.

ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەلات و مانەوەی ئەمریکا وەك هێزی تاقانەی سەربازی لەگشت دنیادا ، نەبوونە مایەی بەدەستهێنانی تەواوی مەرام و ئارەزووەکانی ئەمریکا ، هاوکات گەشە کردن و پەلهاویشتنی کالای چینی لەبازاڕەکانی دنیادا و کۆنترۆڵ کردنی بازار بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن چایناوە ، بوونە مایەی بەشێکی نیگەرانیەکانی ئەمریکا دوای دارمانی بلۆکی شوورەووی ، ڕاستە ئێستا ئەمریکا لەگەڵ دەستەلاتدارانی چاینادا پەیوەندی دیبلۆماسی و ئابووری بتەوی هەیە ، وەهاوکات ئەمریکا کەڵك لەچاینا وەردەگرێت بۆ یەکەلا کردنەوەی کێشەکانی لەگەڵ کۆریای باکووردا سەبارەت بە چەکە کۆکوژەکان ، بەلام بەشێکی بەرچاوی هەوڵەکانی ئەمریکا ئەوەیە کەخریکی فەرزکردنی هەندێ بڕیارە بۆ والاکردنی بازاڕی چاینا بەڕووی بانکی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی .. هتد . هەموو ئەم هەولانەی ئەمریکا لەکاتێکدایە کە زۆربەی پێشهاتە سیاسیەکان و ئەو بەدواداچونانەی کەلەمەڕ مەسەلەی بالا دەستی وولاتان و بەهێز بوونیانەوە لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدراوە ، ئاماژە بە بالا دەستبوون و دایگیرکردنی بازاڕی دنیا دەکەن لەلایەن چایناوە ، وە تەحویل بوونی بۆهێزێکی بالا دەست لەچەند ساڵی ئایندەدا.

ئەم هەڵسەنگاندن و بۆچوونانە لەمەڕ ئەم ڕەوەندە تازەیەی دنیاوە ، ناتوانێت لەدەربڕینێکی تایبەتدا پێناسەی درووستی خۆی بدات بەدەستەوە ، بۆیە هەرچەندە ئەگەر شەڕی شارستانیەتەکان ، یاخوود پێکدادانی بەربەریزم کاکڵەی بەشێك لەگرژیەکانی ئەم دەورەیەی دنیا بن ، پێم وایە تێکستەکانی نێو کتێبەکەی ساموئیل یاخود گیلبرت ناتوانن ئەو ڕاستیە بێ ڕتوشە بن و دواترین هەڵسەنگاندن بن لەسەر ئەم ڕەوەندەی دنیا ، چونکە فەرهەنگ لەپرۆسەی بەکارهێنانی هێز و سەپاندنێکی ئۆتۆماتیکیەوە جێکەوتە نابێت ، بەڵکو ئەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن فەرهەنگی جۆراو جۆر جێکەوتە دەکەن و بەرهەمی دەهێنن ، وەئەو فەرهەنگەی کە لەدنیای ئێستادا خەریکە چەکەرە دەکات و هەنگاوە سەرەتایەکانی

هەڵدەهێنێت بێ بەری نیە لەو بزووتنەوانەی کە بۆ ئەنجامدانی بەرنامە سیاسیەکانیان پەنا دەبەنەبەر شێوازی پر لەتوند و تیژی کەکارو کردوەی بەربەرەکان لەمێژووی ڕابردوودا بەتۆزی پێی ئەم توندو تیژیانەدا ناگات .

---

[1] Gilbert Achcar, The Clash of Barbarism, 2002

[2] Samuel P. Huntington, The Clash of Civilization and the remaking of World Order, 1996.

[3] Strabo, Geography, volume seventeen, ( 1, 1, 17 ).

[4] The Second Treatise of government and a Letter Concerning Toleration. John Locke, 1667-1689.

[5] Terror, democracy, propaganda and public opinion, interview with Noam Chomsky, 2003.